


# هونەرمەندان پشتیوان و پاڵپشتی پێشمەرگەن



**وەك هەموو چین و توێژەكانی دیكەی گەلی كورد، هونەرمەندانیش هەمیشە پشتگیری و پاڵپشتیی خۆیان بۆ هێزی پێشمەرگەی كوردستان دەربڕیوە، چ بە گۆرانی و سروود، یان بە چوونە پاڵ پێشمەرگە و هەڵگرتنی چەكی شەرەف و كوردایەتی. لەو هێرشە دوژمنكارییە ناڕەوایەی كە ئێستا لەلایەن هێزە تیرۆریستەكانەوە دژی كوردستان و دەستكەوتەكانی بەردەوامە، هونەرمەندانیش هەڵوێستیان هەبووە، لێرەدا راو بۆچوون و پەیامی ژمارەیەك لە هونەرمەندانی كوردستان دەخەینەڕوو.**



### عومەر گوندی: كارەساتی شنگاڵ دڵی هەموو كوردێكی خەمبار كرد

شـــنگال خەمی خستە نێو دڵی هەر كوردێك لە هەر شوێنێكی ئەم جیهانە بێت، من وەك هونەرمەندێك بە ئەركی سەرشـــانی خۆمی دەزانم، هاوكاری برایانمان بكەن، لە هەمان كاتدا پاڵپشـــت و پشـــتیوانی هێزی پێشـــمەرگەی كوردســـتان بین بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی كوردســـتان و تیرۆریستان و پاراستنی خاكی پیرۆزی كوردستان، بۆیە سروودێكی كۆنی هونەرمەند دڵگەشم نوێ كردۆتەوە و پێشكەشی پێشمەرگەی كوردستانی دەكەم، لە هەمان كاتدا بەرنامە تایبەتییەكەی خۆم (موزیك شـــۆ) لە كەناڵی وار تایبەت كردووە بە پشتیوانیكردن و پاڵپشتیكردن لە هێزی پێشمەرگەی كوردستان و ئەو هونەرمەندانەی كە بەشداریی بەرنامەكەم دەكەن، زۆربەی كارەكانیان گرێدراوە بە پێشـــمەرگە بۆ ئەوەی بە هەموو لایەك ورەی پێشمەرگە بەرز بكەینەوە و بە هونەری خۆمان ئێمەش بەشداریمان لە پاراستنی كوردستان هەبێت.



### نەتالیا: ئێمە بە هەست و دڵ لەگەڵ ئێوەین

هێرشـــەكانی ئەم دواییەی تیرۆریســـتانی داعش بۆ ســـەر سنووری كوردســـتان هەموومانی نیگەران كرد، بەڵام ئومێدمان بە هێزی پێشـــمەرگە و گەلی كوردســـتان زۆر پتەو بوو، بەوەی كە دەتوانن چۆن لە رابردوو و بە درێژایی مێژوو ســـنوور و خاكی كوردســـتانیان پاراستووە، ئەم جارەش بە هەمان هێز و ورەی پۆلاییینەوە دژی ئەم دوژمنانەی مرۆڤایەتی دەوەســـتنەوە و كوردســـتان دەپارێزن و دوژمنان سەرشۆڕ دەكەن، پێشبینییەكانی ئێمە لە جێی خۆی بوو، پێشـــمەرگەی كوردستان ئەو ئەركە پیرۆزەی لەسەر شانی بوو، جێبەجێی كرد. راستە ئێمە لە ئێوە دوورین، بەڵام دڵ و هەســـتمان لە كوردســـتانە و لەگەڵ ئێوەیە، هاوخەمی برایانمانین كە لە شنگاڵ و ناوچەكانی دیكەی كوردستان رووبەڕووی توندوتیژی و دڕەندەترین دوژمنی مرۆڤایەتی و میللەتی كورد بوونەوە و كارەســـاتێكی جەرگبڕیان لەو ناوچانە ئەنجامدا، بێگومان بەم كارەیان ســـەلماندیان كە تا كورد هەبێ، دوژمنەكانی بە هەموو شـــێوەیەك هەوڵی لەناوبردنی دەدەن، بەڵام وەك هەمیشـــە خەیاڵیان خاوە. بە یەكگرتوویی كورد و پتەوكردنی یەكڕیزی كوردان، ئەگەر دوژمن چەند بەهێز بێت و دەیان پیلانی دیكەش بۆ لەناوبردنی ئێمە دابنێت و هەوڵی جێبەجێكردنی بدات، سەركەوتوو نابێـــت، یەكگرتنی ریزەكانمان چاوی دوژمنان كوێر دەكات و دڵـــی ئێمە و نەوەكانی داهاتووش خۆش دەكات، بۆیە پێویستە بە هەموو شێوەیەك ریزەكانی میللەتەكەمان لە هەموو پارچەكانی كوردستان پتەو بكەین.



### مەلەك: هەر چی بكەوێتە سەر شانم بۆ هاوكاریی برا پێشمەرگەكانمان دەیكەم

خۆشحاڵم، كە برا پێشمەرگەكان و هێزەكانی دیكەی نیشتمان دەستیان لە ناو دەستی یەكە و بە یەكەوەن لە خەباتی نەتەوەیی، سڵاویان لێ دەكەم. نیگەرانیشم بۆ خەڵكی بێگوناهی شنگال، كە ڕووبەڕووی ئەو كۆمەڵكوژییەی دەستی ڕەشی تیرۆریستان بوویەوە.سەركەوتن بۆ هەموو گەلی كورد دەخوازم. من وەكو مەلەك هەر چی بكەوێتە سەر شانم بۆ هاوكاریی برا پێشمەرگەكانمان ئامادەم بیكەم.

بیرۆكەم هەیە بۆ پێشمەرگە و سەرجەم ئەو بارودۆخەی لە پارچەكانی تری كوردستان وەكو رۆژئاوا لە پڕۆژەیەكی هونەریدا هەموویان كۆ بكەمەوە، چونكە ئەوەی لە كوردستان بۆ كوردان ڕوو دەدات سەرهەڵدانێك و بەرخودانێكە.

هونەرمەند زمان و ئازار و ناخۆشیی گەلی خۆیەتی، بە هونەرەكەی خۆی دەبێت پاڵپشت بێت و ورەی خۆڕاگری بدات بە پێشمەرگە، هونەرمەند رۆڵێكی زۆر گرنگ دەبینێ بۆ وڵاتەكەی و دەبێت هانی وڵاتپارێزی بدات..



### گەزیزە: ئەمڕۆ سنوورێک چاوی لە هەڵمەتی شێرانەی تۆیە

ئەمڕۆ خاکەکەم، وڵاتەکەم، پێشمەرگەیە و تەنیا ناوی پێشمەرگەیە لە دوای هەموو وشەکان و لە سەرەتای هەموو وشەکان تەنیا ئەتۆی وێردی سەر زمانی هەمووانی، ئەمڕۆ سنوورێک چاوی لە هەڵمەتی شێرانەی تۆیە براکەم، کوڕەکەم، ئەمڕۆ خوێنی شەهیدەکانمان جارێکی تر لەگەڵ قەڵەمی دەست و پەنجەت سنوورەکان دەنەخشێنێ، ئەتۆی کلیلی دەروازەی ماڵە داخراوەکانت کردووە بە بەر پشتوێنی ماندوویەتیدا. ئەوان زۆر بە پەلە باوەشی پڕ لە ترسی نائومێدییان کرد بە منداڵەکانیاندا و هاتنە دەرەوەو تەنانەت فریا نەکەوتن ئاوی ماڵەکانیشیان بگرنەوە، ئەوان تا ئێستا هەر رادەکەن و هاوار بۆ هێرشی گورزوەشێنی تۆ دەکەن، تا بیانگەڕێنیتەوە ناو ماڵەکانیان، بە تەنیا چاوی پر لە تۆڵەی تۆ دەتوانێت چاوی چاوەڕوانی دایکانی دەست بە ئەژنۆ لێک بنێت، ئێمە ئەمڕۆ قسەی سەر زار و ناو دڵ و خەوی بێ خەوی شەوانمان بەتەنیا تۆی، ئەی گەورەترین ئومێدی جەستەی ئەم خاکە بریندارە، ئەو خاکەی کە هەر جارەی دوژمنێک بە زەبری بەرژەوەندییەکانی خۆی دەیەوێت لە گرێژنە دەری بێنێت، کەچی تۆی پڕ لە هێز،، تۆی بوێر و تۆی خاوەن مێژوویەکی سەروەری و پڕ پڕیت لە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوە، ئێوە قوتابی و نەوەی ئەو پێشمەرگانە بوون، کە لە زیندانەکانی دوژمنی بەعسی خوێنڕێژدا لەپێش ئەوەی پەتی سێدارە بکەنە ملیان لەسەر دیواری زیندانەکان سروودی ئازادی بۆ نیشتمانیان دەنووسییەوە، لە دەوری دەست و تفەنگتان گەڕێم، نەکەن ئومێدی چاوانی پڕ لە هیوای منداڵە چاوگەشەکان ببڕن!



## حەسنا مەتەر: لە لوبنانەوە هاتووم تاکو سڵاوی خەڵکی وڵاتەکەمتان پێ رابگەیەنم


رۆژی پێنج شەممە ٢١,٨,٢٠١٤ کچە هونەرمەندی لوبنانی حەسنا مەتەر بە یاوەریی شاندێك سەردانی میحوەری مەخموورو گوێڕی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردو لەلایەن بەرپرسان و فەرماندەو پێشمەرگەکانی سەنگەر بە گەرمی پێشوازی لێکرا. کچە هونەرمەند لە لێدوانێکدا سەبارەت بەم سەردانە گوتی: «وەك ئەرکێکی ئەخلاقی سەرشانم بە پێویستم زانی کە سەردانی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بکەم، کە گیانی خۆیان دەکەنە قوربانی بۆ ئەوەی ئێمە لە ئاسایش و سەقامگیری بژین، حەزم کرد لە نزیکەوە بیانبینم و سوپاسگوزاری خۆمیانی پێ رابگەیەنم و دەستخۆشییان لێ بکەم، بۆ ئەو سەرکەوتنە مەزنانەی بەسەر تیرۆریستان تۆماریان کردووە، ئێوە رووبەڕووی دەوڵەتێکی تیرۆریستی دەبنەوە، ئێوە لە جیاتی هەموو جیهان دژی تێکدەران دەجەنگن و شەڕی چەسپاندنی ئاشتی و ئازادی دەکەن، ئەوەش سەربەرزییەکی مەزنە کە مێژوو بۆ پێشمەرگەی کوردستان تۆماری دەکات. من لە لوبنانەوە هاتووم تاکو سڵاوی خەڵکی وڵاتەکەمتان پێ رابگەیەنم، ماوەیەك پێش ئێستاش سەربازانی لوبنانی لە ناوچەی عەرسال بەرەنگاری چەکدارانی توندڕەو بوونەوە، ئەوانیش وەکو پێشمەرگەی کوردستان گیانی خۆیان فیدای خاك و نیشتمان و هاووڵاتیان دەکەن، بۆیە جێی ئەوەیە بەهەمووومان پشتگیرییان بکەین». زیاتر گوتی: «ئەو شەهیدانەی گیانی خۆیان بۆ خاکی کوردستان بەخت کرد هەردەم لە دڵ و دەروونمانن و ئەوان زیندوون و نامرن، دوعاش بۆ بریندااران دەکەین بە زووترین کات چاك ببنەوەو بگەڕێنەوە بەرەی پارێزگاریکردن لە شەرەف و خاکی نیشتمان».



## شەیما جاف: رۆحم قوربانی پێشمەرگە بێت

هەموو کات گوتوومە: رۆحم قوربانی پێشمەرگە بێت، ئێمە پێویستە هەمووومان بە سەرجەم چین و توێژەکان ئاگاداری براکانمان بین لە پاراستنی خاکەکەمان لە دوژمنان، ئەرکە لەسەر ئێمەی هونەرمەندان و میدیاکاران کە لە لای خۆمانەوە وزەی خۆڕاگری بە هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی دی کە لە بەرەکانی شەڕن بدەین، هیوادارم بە زووترین کات هێزەکانمان سەرکەوتنی گەورە بۆ کوردستان بەدەست بهێنن.

دەمەوێت ئەوەش بڵێم، کورد تا ئێستا سێ کارەساتی گەورەی لە مێژوودا هەبوو، یەکەمی لە تاوانی ئەنفال و کیمابارانی هەڵەبجە، دووەمین کۆڕەوی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ بۆ وڵاتانی دراوسێ، سێیەمین، ئەو ئاوارەبوونە بۆ چیای شنگال کە برا و خوشکانی ئێزدیمان ئاوارە بوون.



**حەمە رەئوف کەرکووکی: یەکڕیزی بپارێزین، سەرکەوتنی گەورە بە دەست دەهێنین**


هەمیشە پێشمەرگە سومبولی سەرکەوتن بووە لە شۆڕش و بەرەنگاریدا و بەرامبەر داگیرکەرانی کورد، هەر لە سایەی ئەوان و خوێنی شەهیدان، ئەمڕۆی ئارام و دیموکراسییان بۆ دروست کردین. دیارە ماوەیەکە رووبەڕووی شەڕی تیرورستانی داعش بووینەوە، دەیانەوێ پێشکەوتن و ئارامیی کوردستان تێك بدەن، کە چاویان پێی هەڵنایێ، دڵنیام هەر شکستخواردوو دەبن، ئەگەر یەکڕیزی و ئینتیما و دڵسوزیمان بۆ خاکی کوردستان بپارێزین، سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنین.

**دلبەر جزیری: ئەرکێکی نەتەوەییە بۆ خاك و نیشتمان بجەنگین**

ئامادەم شان بە شانی برا پێشمەرگەکانم، چەك هەڵگرم و داکۆکی لە دۆزی گەلەکەم بکەم، وەك ئەوەی ئێستا براکانمان خوێن دەبەخشن بۆ ئازادی و بەردەوامبوونی ئەو سەقامگیرییەی باڵی کێشاوە بەسەر هەرێمی کوردستان و بووەتە لانەی پێکەوەژیانی گشت ئایین و نەتەوە جیا جیاکان، بۆیە لەو سۆنگەوەیش من وەك هونەرمەندێك، ئامادەم بۆ بەرگریکردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان و هێنانەدی خەونە لە مێژینەکەمان چەك هەڵگرم و بەرامبەر بە دوژمنانی کورد بوەستم، کە ئەمەیش ئەرکێکی نەتەوەییە بۆ خاك و نیشتمان بجەنگین بۆ ئەوەی بگەین بەو خەونانەی کە دەمێکە قوربانی بۆ دەدەین. دەبێ بۆ هەموو دنیا روونبکەینەوە، کە ئەو گەشەسەندنەی لە باشووری کوردستان دەبینرێ، بە ئاسانی نەهاتووەتە ئاراوە، بەڵکو بە رووبارێك خوێنەوە گەیشتووین بەو گەشەسەندنەی کە ساڵانە هەزاران گەشتیار روو لە پایتەخت دەکەن و لە نزیکەوەیش بە کەلتوور و هونەری رەسەنی کوردی ئاشنا دەبن و پەراوی زۆربەی هونەرمەندە رەسەنەکانیش هەڵدەینەوە، لە پاڵ کارە هونەرییەکانیان خۆشەویستی وڵات دەبینین، دلبەر لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەختی لە «ئافرەتان ساڵانێك شان بە شانی پێشمەرگە قارەمانەکاندا چەکیان هەڵگرتووە، لە پێشەوە سەنگەردابوونە بۆ بەرگریکردن لە خاك و نیشتمان و گەیشتن بە خەونی سەربەخۆیی». گوتیشی: «بەنیازم لە ئایندەیەکی نزیکدا بەرهەمێکی هونەری نوێی خۆم لە رێگەی میدیاکانەوە بە هەوادارانم ئاشنا بکەم، کە بریتی دەبێت، لە گۆرانییەك، کە بە ستایلێکی مۆدێرن کاری بۆ دەکەم، دەبێتە بەرهەمێکی ناوازە لە کارە هونەرییەکانی من. کاتێك باوکم پێشمەرگە بوو، یاوەری «بارزانیی نەمر» بوو، هەمیشە ئامۆژگاری دەکردین، کە خاکپەرست بین و نیشتمان لەسەرووی هەموو جوانییەکانی ژیانەوە دابنێین، کاتێك ئەویش لە ژیاندا نەما، وەك زەنگێك هەمیشە قسەکانی دێتە بەرگوێم و دەمەوێ وتە و قسەکانی ئەو لەبیر خۆم نەبمەوە، خوێن ببەخشم بەو کەسانەی کە ژیانیان دەکەن بە قوربانی ئێمە و پارێزگاری لە گەل دەکەن».



# شانۆ و ژیاریی



ئەرسەلان دەرویش

**لەساتەوەختێکدا کە گەلی کورد لەبەردەم رووبەڕووبوونەوەیەکی چارەنووسسازدایە، رووبەڕووبوونەوە لەسەر چەندین ئاست و رەهەندی جودا جودا، رکابەرایەتییەك لەگەڵ خوددا پێش ئەوانی تر، چەردەیەك لە پرسیارە ژیارییەکان بەدوای یەکدا دێنێ:**

*ئایا لەتواناماندایە بەهاکانی لێبوردەیی و پێکەوژیان و بونیادنانەوە سەربخەین وکۆمەڵگەیەکی دیموکراتی مەدەنییانە بهێنینە ئاراوە؟

*کۆمەڵگەی مەدەنی چۆن وبەچی دادەمەزرێت و دەکارێت؟

*ئەی رۆڵی رۆشنبیری بەگشتی و(شانۆ)لەم پرۆسێسەدا چییە؟

لەبەراییەکانی سەرهەڵدانییەوە (شانۆ) لەگەڵ دیموکراسیدا لەدایك بووە، لە تەك پێشکەوتنەکانی باری ژیانی شارستانی مرۆڤایەتیدا هاوئاست بووە.

گەر لەساتە درەوشاوەکانی مێژووی ئەم هونەرە دێرینە بڕوانین، ئەوا بێشك هەمان لاپەڕە رووناکەکانی شارستانیەت بەدی دەکەین. چونکە هەمیشە شانۆ بەرجەستەی ساتە درەوشاوەکانی شارستانیەت بووە. بۆیە دەبێت ئەم راستیەش ئەو بڕوایەمان لەلا سەقامگیر بکات، کە ئەستەم نییە لەقۆناغێکی مێژوویی وەك ئەوەی ئێستای کوردستان، شانۆکاری کورد بتوانێت بە پەیڤی راستگۆیانەو بوێرێك کە زادەی حەقگۆیی بێت و ئیرادەیەکی پتەو بۆ داهێنەران، رۆڵێکی گەورە بگێڕێت لەسەرخستنی ئاواتەکانی گەلەکەی و ببێتە بێگەردترین ئاوێنەی تیشکدەرەوەی مژارەکانی ژیانی.لەم پێناوەشدا هەرچۆن ئەرکی حکومەتی کوردستانە لە پرۆسەی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگەدا درك بە بایەخ و بەهای ئەم هونەرە مەزنە بکات و زەمینەی راستەقینە بۆبرەوپێدانی بڕەخسێنێت، ئەرکی شانۆکاران و بەڕێوەبەرایەتییەکانی شانۆو گروپە شانۆییەکان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی دیکەی کوردستانیشە: نەخشەڕێگەیەکی ئەوتۆیان بۆ کارکردنی شانۆکەیان هەبێت و بەرچاویان روون بێت دەرهەق بەو رۆڵەی کە دەبێت بیگێڕێن و ئەو پرس و پرسیارانەی کە بەردەوام لە پرۆژەکانیاندا بیورووژێنین، هەڵبەتە پەیوەندی نێوان جەماوەر و شانۆکەشمان لە بەرئەنجامی ئەو روانینەوە سەرچاوەدەگرێت وگەشەدەکات.

بێشك تا حکومەتێکی تەکنۆکرات و کەشوهەوایەکی تەواو دیموکراسی لەئارادا نەبێت، مەحاڵە ئەو ئەرکە بەجێبگات و کۆمەڵگە هەنگاوەکانی بەرەو بەمەدەنی بوون هەڵبهێنێت. چونکە پرۆسێسەکە دیالیکتیکییەو بۆ جەمسەرەکانی هاوکێشەکە پەیوەستن بە یەکەوە. دیارە گەشەسەندنی شانۆ و رۆشنبیریی مەرجن بۆگەشەسەندنی شارستانی هەر کۆمەڵگەیەك، شانۆیەکی نوێ و رۆشنبیرییەکی نوێ، بونیادێکی ژیاریی نوێ دێننە ئاراوە، ئەوەی درك بەم راستیەش نەکات، بێگومان کورتبین و ناحاڵییە. بۆیە ئومێدمانە میکانزمەکانی کارابوونەوەی شانۆو لەژیانی تاکی کورددا و دەربازبوونی لەو چوارچێوە ئیعلامییەی کە لە میانەی فیستڤاڵەکانەوە پێی لەقاڵبدراوە بەرەو دارشتنەوەی بەخششەکانی شانۆکارانی کوردستان لەنێو پرۆسەیەکی شارستانی راستەقینەدا بە ئاراستەی بونیادنانەوەیەکی تازە بۆ سێکتەرێکی گرنگی کولتوورو رۆشنبیریی کۆمەڵگەی کوردی، ئەو کۆمەڵگەیەی کە روو لە ئاوەدانی و پێشکەوتن و خۆشنوودی هاوڵاتییەکانیەتی. بەڵکو تا زووە بتوانین لەرێگەی ئەم هونەرەەوە بەگەلانی دونیا هاوتا ببینەوەو بەشارستانیبوونمان لە میانەی ئەم کایە ژیارییەدا بسەلمێنین، چونکە دڵنیام شانۆکارانی کوردیش وەك هاوەڵانیان لە جیهاندا خواستی دەسەڵاتی ژیان جوانتر دەکەن و خاوەنی ئەو ئەڤینە هەمیشەییەن کە چراکانی شانۆ دەینوێنێ و لەبەر رۆشناییەکەیدا نەنگی و نادادپەروەری و دیاردە بەدەکانی دواکەوتن و ستەم و گەندەڵی وجەهل و نەفامی رووتدەبنەوەو شەرمەزاردەکرێن.